www.kurdistannet.org

12-4-2007 22:03بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گرنگی گفتوگۆی سەرۆک بارزانی بۆ کەناڵی (العربیە) لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ ... ئالان کەریم

alan_karim1965@yahoo. de

هەر کەسێک چاو بە مێژووی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بخشێنێت، کۆمەڵێک کارەسات و مەرگەساتی مێژویی لەناوچەیەکی جوگرافیایی بەرفراوان دا دەبینێت، ئەویش ولاتێکە کە بۆتە جێگای خۆساخ کردنەوەی رۆڵی سیاسەت و مەیدانی خۆ تاقیکردنەوەی هێزە گەورەکانی جیهان، کوردستان بە درێژایی مێژوەکەی جێگایەکی ئەوەندە گرنگ بوە، کە هەرکەسێک تەنانەت دۆستایەتی و دوژمنایەتی خۆشی لە سەر حسابی خەڵکی کوردستان تاقی کردۆتەوە گرنگی ستراتیجیەتی جوگرافیای کوردستان تا ئێستەش بووەتە میحوەری خۆساخ کردنەوەی سیاسەتی جیهانی، بەواتای پەلکێشانی سیاسەتی جیهان بۆ کوردستان زۆر لە هاوپەیمانێتی سیاسەتی زلهێزەکان و تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی زۆرێک لە پەیمان نامە جیهانیەکان لەم جێگایەدا یەکلایی کراوەتەوە، واتە مەوقیعیەتی جیوپۆلیتیکی کوردستان زۆر لە ولاتانێکی لەگەڵ یەک هاوپەیمان کردە دوژمن بەیەک، یان زۆر لە ولاتانی نادۆست بەیەکی کردە دۆستی سیاسەتی هاوبەش وبەرژەوەندی هاوبەش بەیەک.
پرسیاری ئاراستە کراو لێرەدایە ئایا ئەوە تورکیایە ئەو لێدوانەی سەرۆکی گەورە کرد و کردویەتیە هەراوهوریا و تەنانەت خۆساخ کردنەوەی خۆیان لە کوردستان دا کردۆتە میحوەری دیاری کردنی چارەنوسی تورکیا؟
یان ئایا بەراست ئەوە تورکیایە وەک دیواریکی پیر و کۆنی لێهاتوە و بەپاڵێک دەروخێت؟ یان ئەوە جێگاو رێگای سیاسەتی سەرۆک بارزانی و دەور و نفوزی سەرۆکە لەناو خەڵکی کوردستان و هەقانیەتی کێشەی سیاییانەی خەڵکی کوردستانە و تورکیا لێی تۆقیوە؟.
وەلام بەم پرسیارانە دەمان گەیەنێتە دەرنجامی بالاکردنی سیاسەتی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستان بۆ بەرەو نزیک بونەوە لەئامانجی کۆتایی، کەئەویش داماڵینی رۆڵی تورکیایە لە دیاریکردنی چارەنوسی ولاتانی دراوسێ و خۆ بە براگەورە زانینی بۆ دیاری کردنی جێگاو رێگای سیاسەتی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا و دابەش کردنی رۆڵەکان، یان وەکو دارێژەری پلان بۆ ولاتانی دراوسێ ئەویش بە قازانجی خۆی.
یەکێک لە وەلامە ئەسڵیەکانی ئەم مەسەلەیە و گەورەکردنی ئەم بابەتە تورکیا نیە بەڵکو ئەوە بەدوادا چوون و بەپیرەوەچوونی خەڵکی کوردستانە بەدوای لێدوانەکانی سەرۆک بارزانی، واتە لە سەعاتی یەکەمی گفتوگۆکەوە سە رجەم خەڵکی کوردستان ئامادەیی خۆیان دەربری کە ببنە سوتەمەنی بالاکردنی وتەکانی سەرۆک، واتە خەڵکی کوردستان لە هەمو پارچەکان دا چاوەڕوانی یەک ئیعازن لە سەرۆکە وە تا کۆتایی بە ملهوری سیاسەتی تورکیا بهێنن لە دەستخستنە ناو کاروباری خەڵکی کوردستان، ئەوە هەقانیەتی کێشەی خەڵکی کوردستانە لە نەبونی مافەکانیان لە ناو تورکیاداو دەستخستنە ناو کاروباری پارچەکانی ترەوە، وە ڕادەی نفوز و ئیعتیباری سەرۆک لە ناو خەڵکی کوردستان دا و بەهەند وەرگرتنی لێدوانەکانێتی.
ئەگەر بریارە تورکیا گەورەترین هێزی ناوچەکە بێت، ئەی بۆ لەبەردەم یەک گفتوگۆدا هانای بردە بەر ئەمریکا و پارانەوە لە ئەمریکا کە فشار بخەنە سەر بارزانی، ئەگەر تورکیا دیوارە رزیو نیە بۆچی کەوتە پەلەقاژە لەبەردەم بارزانیدا، ئەگەر تورکیا بە شێوە زەبەلاحە بەلام لە ناوەوە ئەوە نیە کە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

12-4-2007 22:03بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئێمە دەبیینین، بۆچی بەدوای ڕاکێشانی ڕای جیهانیەوەیە بۆ بەهەقانیەت ناساندنی خۆی وەک خاوەن ماف، ئەگەر تورکیا لەبەرانبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان لە سەر پێی خۆی وەستاوە، بۆچی کەوتۆتە هەڵەو داوان بۆ ئەوەی هەرچۆنێکی کردووە، لەو تاریکستانەی بەهۆی لێدوانێکەوە بەربینی پێ گرتوە، ئەگەر بە پەشیمان بونەوەی سەرۆک بارزانیش بیت ئەوا تورکیا دەگەرێتەوە جێگای جارانی، بەڵام ئەوە خەیاڵێکی خاوە، چونکە تا ئێستا لەبەر پاراستنی کۆمەڵێک دەستکەوت ئەگەر سازشیش کرابێت بەخاتری بەرژەوەندیە باڵاکان بوە.

بۆیە تورکیا نایەوێت پریشکی ئاگرە سوورەکەی باشور کڵپەبکات و باکوریش بەدوای خۆیدا پەلکێش بکات، چونکە تورکیا ئێستا لە سەر پێی خۆی نیە و ناتوانێت خۆی ڕابگرێت، چونکە هەق هەمیشە پێش مەرجی دەست دانە خەبات بوە، ناهەقیش کە تورکیا بوەتە پراکتیکی ڕۆژانەی بووەتە تەوق و لەملی هالاوە.

بۆیە سەرۆک بارزانی دەتوانێت لێرەوە خالّی وەرچەرخان بێت بەرەو ڕابەرایەتی کردنی کێشەیەک کە بە پراکتیک لە ئارادایە، یان دەتوانێت وەکو وەرەقەیەک لەبەرانبەر سیاسەتی کۆنەپەرستانەی ناوچەکە دا بەدەستیەوە بێت بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی منداڵانی کوردستان.

کەواتە ئەوە تورکیا نیە ئەو بابەتە گەورە دەکات بەڵکە ئەوە ڕابەرایەتی کردنی کێشەیەکی ڕەوایە کە بونی هەیە، وە ڕادەی نفوز و ئیعتیباری سەرۆکە وەکو دەم ڕاست و ڕابەری کێشە و داواکانی خەڵکی کوردستان، بۆیە پاراستن و بەرەوپێش بردنی ئەو ڕابەرایەتیە ئەرکێکە دەبێت بپارێزریت و باڵا بکات. یان لێرەوە بانگ و سەڵای ئازادی بۆ خەڵکی کوردستان نەش ونما بکات و قوربانی ئەو نەش و نمایەش لەخۆبوردویی خەڵکی کوردستانە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.